# مشهدی "چراغ"



نووسینی: مامەند جەهان میهەن

پیرەپیاوێکی ڕەقەڵەی درێژی ڕەشتاڵە، خەڵکی "ملک کندی" بوو و هەموو ساڵێک بۆ کەتیرەکردن پەڕیوەی ئەو ناوە دەبوو و تا دوای شەختەی پاییز و کۆتایی گەڵاڕێزان لە لامان دەمایەوە.

مشهدی بێجگە لە زمانی "ئازەری کۆن" هیچ زمانێکی تری نەدەزانی، ئەو بە ئازەریی کۆن و کاکم بە موکریانی تۆخ و تۆزێک خۆدەچیرەوەبردن و دەست ڕاوەشاندن و هێنان و بردن، یەکتریان تێدەگەیاند.

مشهدی بە چەند مانگە کار و کوێرەوەری، نان و بژیوی ژیانی سێ مانگەی زستانی سارد و سڕی ئازەربایجانی پەیدا دەکرد و بە نیوەگیانی خۆی دەگەیاندەوە بەهار، ئەو جار وەک کۆتەرەدار هەڵەسوونەی دەهێنایەوە و سەر لە نوێ دەژیایەوە.

هەموو ساڵێک کە دەهات، پێش ئەوەی دەست بەکار کات، دەڕۆیشتە لای دووکانی "جهانی"یەکان, کە یەکە بازرگانی شار بوون و لە سەر نرخی کەتیرەی ساڵ لە گەڵیان ڕێک دەکەوت و دەسازان، ئەو جار دەست بەکار

دەبوو، دەمبینی کە لەبەر قرچەی سوورەتاوی هاوین وەک داوەڵ ڕەش هەڵگەڕابوو و ڕەنگی بە ڕوویەوە نەمابوو، دەست و پل و قاچ و قولی بە دڕک و داڵ و بەرد و داری ئەو ناوە هەلا هەلا ببوو، بەڵام چارە چبوو؟ نان بوو دەبوو بۆ سەرما و سۆڵ و شکستەبەندی زستان پاشەکەوت بکرێت.

ئێواران کە بەرەو کەپرەکەی ئێمە دەگەڕایەوە، لەگەڵ کاکم کە ئەویش لەو حەساوەتر نەبوو، بەدیار تیشکی ڕووناکایی سووتانی کۆلکەبووزێکەوە تا شەو دەزرینگایەوە و ئەستێرەی بەیان هەڵدەهات، سیگاریان دەکێشا و چایی یان دەخواردەوە و نەهامەتی ژیانیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە.

دەمدیت کە مشهدی تریاکی دەکێشا، کاکم زۆر بە نەرم و نیانی پێ ئەوەی ناوی تریاک بێنێت، دەیکوت: مشهدی ئەوە لابە! ئەوە ژیانت دەدا بەبادا و واباشە لا لە لای ئەوە لا دەی.

مشهدیش کە تازە مژێکی لێدابوو و پشوویەکی دابوو دەیکوت: کاکە مەحموود! خوا بتبەخشێت! ئەوەم نەبێت، کوا لەو شاخ و کێو و هەردە چۆکم لەگەڵم دێت؟

من نەمدیت کاکم لەگەڵ مشهدی تریاک بکێشێت، خۆ ئەگەر کێشابێتی، یاخوا نۆشی گیانی بێت! بڵێی لەو سەردەمە کێ بووبێت لە کاکی من بێزار و بێواز و ماندووتر بووبێت و زیاتری پێویستی بە تاوێک حەسانەوە و سوکنایی دەروونی بووبێت.

جار و بار کە نەدەچووە کار، ئەوە دیار بوو ڕۆژی وچان و پشوودانی بوو، ئەویش چ پشوودانێک؟ لە بەرەبەیانەوە تا درەنگانێک، نوێژی دەکرد و دەپاڕایەوە و دەکرووزایەوە کە خوا بیبەخشێ و لێی خۆش بێت! دیارە ئەوە سەرجەمی نوێژی ئەو ماوەیەی بوو کە بۆی نەکرابوو و لە سەری کەڵەکە ببوو.

ساڵ نوێ بۆوە و بەهار هات و ڕۆیی و پووشپەڕیش تێپەڕی بەڵام

مشهدییە پیرە هیچ سەر و سۆراغی نەبوو. ئێوارەیەک پەیدا بوو، بەڵام ئەو جار تەنیا نەبوو، بێچووە مەیموونێکی سوورکەڵەی بەدواوە بوو.

پاش تاوێک چاک و چۆنی و لێک پرسین، کاکم قامکی بۆ مەیموونەکە ڕاداشت و پرسی: مشهدی ئەدی ئەوە چییە؟ مشهدی ملی بەلاوە نا و کوتی: ئەو مەیموونەمان لە مالەوە هەبوو، کەس نەبوو چاوەدێری بکا، بە ناچار لەگەڵ خۆم هێناوە.

شەودرنگان، کە بە شەڕ و کێشە و هەرا بۆ خەوتن ناردیانم بۆ سەر بان، لە خۆشی مەیموون تا بەربەیان خەوم لێنەکەوت و هەر ئەستێرەم دەژمارد.

چەند ڕۆژێک بەسەر چوو، مشهدی بەیانیان زوو، دەرۆیشتە ناو بازار و تا ئێوارە نەدەگەڕاوە. ئەوە پیشەی هەموو ساڵێکی بوو کە دەبوو پێشەکی لە گەڵ بازرگانەکان لە سەر نرخی کەتیرە ڕێک کەون.

هەتا ڕۆژێک کاکم بە هەڵکەوت لە ناو بازار، لە ناو ئاپۆرەی خەڵکدا تووشی مشهدی ببوو کە خەریکی مەیموون هەڵپەڕاندن بوو، بەڵام بۆ ئەوەی مشهدی بە خۆیدا نەشکێتەوە، خۆی نیشان نەدابوو.

بۆ ئێوارە کە مشهدی هاتەوە، کاکم زۆر بە میهرەبانی دەستێکی خستە سەر شانی و کوتی: مشهدی! نازانم لە "ملک کندی"، بەڵام ئەو کارە لێرە باو نیە و لە ناو خەڵکدا ناپەسەندە و خۆشناو نیە! واباشە هەروا بە سەربەرزی خەریکی کەتیرە کردنەکەی خۆت بیت!

مشهدی سوور هەڵگەڕا و، ملی بە لاوە نا و، کوتی: ئەو پیشەیە لە لای ئێمەش هەر نەشیاوە و باو نیە، بەلام لەگەڵ پیری و نەبوونی بڵێم چی؟ تازە کوا بەو تەمەنەوە کەتیرە کردن بە من دەکرێت؟ بۆ نابینی ئەژنۆکانم چیتر لەشمیان بۆ ڕاگیر ناکرێت!

لەم ڕۆژەوە بەدوا بەیانیان زوو مشهدی مەیموونی وەدوای خۆی دەدا و ،

سەرێکی ناو بازاری دەدا و، ئەگەر پووڵێک پەیدا بووبا، ئەگینا دەگەڕاوە و تا ڕۆژ فێنک دەبوو لە ژێر سێبەری قەیسی یەکان، پاڵ دەکەوت.

هەر کە مشهدی وەنەوزی دەدا، مەیموونەکە خۆی دەدزێوە دەهاتە لامان، ئەو دەم دەبوو بە کاتی گەمەی ئێمەی منداڵ، بە دار قەیسی یەکان دا هەڵدەگەڕا، ئەوەی کە گەیبوو یان تازە ئاڵ و بۆڵ ببوو دەیخوارد و، چەقالە ترش و کاڵەکانیشی بە سەر و سەکوتی ئێمە دادەدا، دەچووە سەر چڵووکی شەکرە سێوەکان، لکەکانی ڕادەوەشاند و سێوەکانی دەتەکاند، ئیتر ئێمە شاگەشکە دەبووین و و دەبوورāینەوە لەخۆشیان.

وادیار بوو مەیموونەکەش کایە و گەمەی لە گەڵ ئێمەی لە و کارە ی مشهدی تووشی ببوو، پێ خۆشتر بوو.

ساڵ درەنگ بوو، مشهدی بەرەو ملک کندی ڕۆیشتەوە، کاکم پێی وانەبوو جارێکی تر مشهدی ڕێگای لە ناوە بکەوێتەوە، ئەوەش بۆ من ببووبە خەمێکی گەورە و پێشوەخت بەرۆکی پێگرتبووم.

سەر لە نوێ ساڵ نوێ بووە، شیلانەکانی لێواری جۆگە پشکووتن، گوێزەکان پلیتەیان وەراند، هێلانەی گۆرەویچنەکان بە چڵووکی چنارەکانەوە هەڵواسران.

ئێوارەیەک دەنگێکی ئاشنا بانگی کاکمی کرد! دەنگی مشهدی بوو، بەڵام لە بەر چڕ و پڕی قامیشەڵان و سێ سوو و جەگەنی لێوی جۆگە ڕەنگی دیار نەبوو.

کاکم بەپەلە هاواری کرد: مشهدی کوای؟ با ئەو ئاڵوودارەت بە سەرجۆگەدا بۆ ڕایەڵ کەم !

مشهدی لە خۆشیان ڕانەوەستا و بە جل و بەرگەوە لە دەراوەکە پەرییەوە و لە گەڵ کاکم باوەشیان بە یەکدا کرد.

مشهدی کوڕەکەی لەگەڵ خۆی هێنابوو و بە هیوا بوو لەو ئاواییانەی دەوری شار، وەکوو کاردار، لە جێیەک دایمەزرێنێت.

چەند ڕۆژێک تێپەڕی بوو، شەڕێکی بێ ئامان لە نێوان کورد و ئازەرییەکان لە "نەغەدە" هەڵگیرسا بوو، خەڵکی بێ تاوان لە تاوان ماڵ و حالیان بەجێهێشتبوو و پەڕیوەی دێهاتی دەوروبەر ببوون.

ئاگری ڕق و قین وا بە تاو و تین بوو کە تانەی خستبووە سەر چاوی هێندێک کەس و بێجگە خوێن ڕشتن و تۆڵە سەندن بیریان بۆ هیچی تر نەدەچوو.

لەو تەم و مژە ژەهراوییەدا و لەم گێژاوی ئاژاوەدا، مشهدی و کوڕەکەی لە کلکەی "پردی سوور"، نائاگا لە سەر ڕێگا تووشی ماشێنێکی گاز دەبن، کابرای شۆفیر کەوکوژی بە ژ٣ بۆیان دادەنیشێ و هەر لەوێ مشهدی و کوڕەکەی دەکووژێت.

گۆیا تەرمی مشهدی یان لە سەر تەنیشت دانابوو، زۆر کەسی تر خۆیان ڕانابوو و کوردایەتی خۆیان نواندبوو و، سێ چوار فیشەکیان بە تەرمی مشهدی یەوە نابوو.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە کە ئەو هەواڵە بڵاو بۆوە، چاوم لێبوو هێشووی فرمێسک بە چاوەکانی کاکم دا شۆڕ ببۆوە، کات مەیبوو و نە دەجووڵا و ڕاوەستا بوو، ئیتر هیچ شتێک بۆ کوتن نەمابوو.

بۆ شەویش هەر بە تاریکی دانیشتین و لە تاو مشهدی چراغ کەس هۆشی هەڵکردنی چرای نەبوو.

***************

*زمانی ئازەری کۆن: زمانی ئازەربایجان بووە پێش هاتنی خێڵە تورکەکان

له ئاسیای ناوەندەوە. احمد کسروی لێکۆلینەوەیەکی زۆر بە نرخی لە سەر کردووە.

*کەتیرە - کەتیرا : لە شیرەی گوێنی دەگیری و بۆ چارەسەری و دەرمانی زۆر نەخۆشی کەڵکی لێوەردەگیرێت.

*وێنە: لە گووگل وەگیراوە

مشهدی "چراغ"

****

پیرەپیاوێکی ڕەقەڵەی درێژی ڕەشتاڵە، خەڵکی "ملک کندی" بوو و هەموو ساڵێک بۆ کەتیرەکردن پەڕیوەی ئەو ناوە دەبوو و تا دوای شەختەی پاییز و کۆتایی گەڵاڕێزان لە لامان دەمایەوە.

مشهدی بێجگە لە زمانی "ئازەری کۆن" هیچ زمانێکی تری نەدەزانی، ئەو بە ئازەری کۆن و کاکم بە موکریانی تۆخ و تۆزێک خۆدەچیرەوەبردن و دەست ڕاوەشاندن و هێنان و بردن، یەکتریان تێدەگەیاند.

مشهدی بە چەند مانگە کار و کوێرەوەری، نان و بژیوی ژیانی سێ مانگەی زستانی سارد و سڕی ئازەربایجانی پەیدا دەکرد و بە نیوەگیانی خۆی دەگەیاندەوە بەهار، ئەو جار وەک کۆتەرەدار هەڵەسوونەی دەهێنایەوە و سەر لە نوێ دەژیایەوە.

هەموو ساڵێک کە دەهات، پێش ئەوەی دەست بەکار کات، دەڕۆیشتە لای دووکانی "جهانی"یەکان, کە یەکە یەکە بازرگانی شار بوون و لە سەر نرخی کەتیرەی ساڵ لە گەڵیان ڕێک دەکەوت و دەسازان، ئەو جار دەست بەکار دەبوو، دەمبینی کە لەبەر قرچەی سوورەتاوی هاوین وەک داوەڵ ڕەش هەڵگەڕابوو و ڕەنگی بە ڕوویەوە نەمابوو، دەست و پل و قاچ و قولی بە

دڕک و داڵ و بەرد و داری ئەو ناوە هەلا هەلا ببوو، بەڵام چارە چبوو؟ نان بوو دەبوو بۆ سەرما و سۆڵ و شکستەبەندی زستان پاشەکەوت بکرێت.

ئێواران کە بەرەو کەپرەکەی ئێمە دەگەڕایەوە، لەگەڵ کاکم کە ئەویش لەو حەساوەتر نەبوو، بەدیار تیشکی ڕووناکایی سووتانی کۆلکەبووزێکەوە تا شەو دەزرینگایەوە و ئەستێرەی بەیان هەڵدەهات، سیگاریان دەکێشا و چایی یان دەخواردەوە و  نەهامەتی ژیانیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە.

دەمدیت کە مشهدی تریاکی دەکێشا، کاکم زۆر بە نەرم و نیانی بێ ئەوەی ناوی تریاک بێنێت، دەیکوت: مشهدی ئەوە لابە! ئەوە ژیانت دەدا بەبادا و واباشە لا لە لای ئەوە لا دەی.

مشهدیش کە تازە مژێکی لێدابوو و پشوویەکی دابوو دەیکوت: کاکە مەحموود! خوا بتبەخشێت! ئەوەم نەبێت، کوا لەو شاخ و کێو و هەردە چۆکم لەگەڵم دێت؟

من نەمدیت کاکم لەگەڵ مشهدی تریاک بکێشێت، خۆ ئەگەر کێشابێتی، یاخوا نۆشی گیانی بێت! بڵێی لەو سەردەمە کێ بووبێت لە کاکی من بێزار و بێواز و ماندووتر بووبێت و زیاتری پێویستی بە تاوێک حەسانەوە و سوکنایی دەروونی بووبێت.

جار و بار کە نەدەچووە کار، ئەوە دیار بوو ڕۆژی وچان و پشوودانی بوو، ئەویش چ پشوودانێک؟ لە بەرەبەیانەوە تا درەنگانێک، نوێژی دەکرد و دەپاڕایەوە و دەکرووزایەوە کە خوا بیبەخشێ و لێی خۆش بێت! دیارە ئەوە سەرجەمی نوێژی ئەو ماوەیەی بوو کە بۆی نەکرابوو و لە سەری کەڵەکە ببوو.

ساڵ نوێ بۆوە و بەهار هات و ڕۆیی و پووشپەڕیش تێپەڕی بەڵام مشهدییە پیرە هیچ سەر و سۆراغی نەبوو. ئێوارەیەک پەیدا بوو، بەڵام ئەو جار تەنیا نەبوو، بێچووە مەیموونێکی سوورکەڵەی بەدواوە بوو.

پاش تاوێک چاک و چۆنی و لێک پرسین، کاکم قامکی بۆ مەیموونەکە ڕاداشت و پرسی: مشهدی ئەدی ئەوە چییە؟ مشهدی ملی بەلاوە نا و کوتی: ئەو مەیموونەمان لە مالەوە هەبوو، کەس نەبوو چاوەدێری بکا، بە ناچار لەگەڵ خۆم هێناوە.

شەودرنگان، کە بە شەڕ و کێشە و هەرا بۆ خەوتن ناردیانم بۆ سەر بان، لە خۆشی مەیموون تا بەربەیان خەوم لێنەکەوت و هەر ئەستێرەم دەژمارد.

چەند ڕۆژێک بەسەر چوو، مشهدی بەیانیان زوو، دەڕۆیشتە ناو بازار و تا ئێوارە نەدەگەڕاوە. ئەوە پیشەی هەموو ساڵێکی بوو کە دەبوو پێشەکی لە گەڵ بازرگانەکان لە سەر نرخی کەتیرە ڕێک کەون.

هەتا ڕۆژێک کاکم بە هەڵکەوت لە ناو بازار، لە ناو ئاپۆرەی خەڵکدا تووشی مشهدی ببوو کە خەریکی مەیموون هەڵپەڕاندن بوو، بەڵام بۆ ئەوەی مشهدی بە خۆیدا نەشکێتەوە، خۆی نیشان نەدابوو.

بۆ ئێوارە کە مشهدی هاتەوە، کاکم زۆر بە میهرەبانی دەستێکی خستە سەر شانی و کوتی: مشهدی! نازانم لە "ملک کندی"، بەڵام ئەو کارە لێرە باو نیە و لە ناو خەڵکدا ناپەسەندە و خۆشناو نیە! واباشە هەروا بە سەربەرزی خەریکی کەتیرە کردنەکەی خۆت بیت!

مشهدی سوور هەڵگەڕا و، ملی بە لاوە نا و، کوتی: ئەو پیشەیە لە لای ئێمەش هەر نەشیاوە و باو نیە، بەلام لەگەڵ پیری و نەبوونی بڵێم چی؟ تازە کوا بەو تەمەنەوە کەتیرە کردن بە من دەکرێت؟ بۆ نابینی ئەژنۆکانم چیتر لەشمیان بۆ ڕاگیر ناکرێت!

لەم ڕۆژەوە بەدوا بەیانیان زوو مشهدی مەیموونی وەدوای خۆی دەدا و ، سەرێکی ناو بازاری دەدا و، ئەگەر پووڵێک پەیدا بووبا، ئەگینا دەگەڕاوە و تا ڕۆژ فێنک دەبوو لە ژێر سێبەری قەیسی یەکان، پاڵ دەکەوت.

هەر کە مشهدی وەنەوزی دەدا، مەیموونەکە خۆی دەدزێوە دەهاتە لامان، ئەو دەم دەبوو بە کاتی گەمەی ئێمەی منداڵ، بە دار قەیسی یەکان دا هەڵدەگەڕا، ئەوەی کە گەیبوو یان تازە ئاڵ و بۆڵ ببوو دەیخوارد و، چەقالە ترش و کاڵەکانیشی بە سەر و سەکوتی ئێمە دادەدا، دەچووە سەر چڵووکی شەکرە سێوەکان، لکەکانی ڕادەوەشاند و سێوەکانی دەتەکاند، ئیتر ئێمە شاگەشکە دەبووین و و دەبووراینەوە لەخۆشیان.

وادیار بوو مەیموونەکەش کایە و گەمەی لە گەڵ ئێمەی لە و کارە ی مشهدی تووشی ببوو، پێ خۆشتر بوو.

ساڵ درەنگ بوو، مشهدی بەرەو ملک کندی ڕۆیشتەوە، کاکم پێی وانەبوو جارێکی تر مشهدی ڕێگای لە ناوە بکەوێتەوە، ئەوەش بۆ من ببووبە خەمێکی گەورە و پێشوەخت بەرۆکی پێگرتبووم.

سەر لە نوێ ساڵ نوێ بووە، شیلانەکانی لێواری جۆگە پشکووتن، گوێزەکان پلیتەیان وەراند، هێلانەی گۆرەویچنەکان بە چڵووکی چنارەکانەوە هەڵواسران.

ئێوارەیەک دەنگێکی ئاشنا بانگی کاکمی کرد! دەنگی مشهدی بوو، بەڵام لە بەر چڕ و پڕی قامیشەڵان و سێ سوو و جەگەنی لێوی جۆگە ڕەنگی دیار نەبوو.

کاکم بەپەلە هاواری کرد: مشهدی کوای؟ با ئەو ئاڵوودارەت بە سەرجۆگەدا بۆ ڕایەڵ کەم !

مشهدی لە خۆشیان ڕانەوەستا و بە جل و بەرگەوە لە دەراوەکە پەرییەوە و لە گەڵ کاکم باوەشیان بە یەکدا کرد.

مشهدی کوڕەکەی لەگەڵ خۆی هێنابوو و بە هیوا بوو لەو ئاوایيانەی دەوری شار، وەکوو کاردار، لە جێیەک دایمەزرێنێت.

چەند ڕۆژێک تێپەڕی بوو، شەڕێکی بێ ئامان لە نێوان کورد و ئازەرییەکان لە "نەغەدە" هەڵگیرسا بوو، خەڵکی بێ تاوان لە تاوان ماڵ و حالیان بەجێهێشتبوو و پەڕیوەی دێهاتی دەوروبەر ببوون.

ئاگری ڕق و قین وا بە تاو و تین بوو کە تانەی خستبووە سەر چاوی هێندێک کەس و بێجگە خوێن ڕشتن و تۆڵە سەندن بیریان بۆ هیچی تر نەدەچوو.

لەو تەم و مژە ژەهراوییەدا و لەم گێژاوی ئاژاوەدا، مشهدی و کوڕەکەی لە کلکەی "پردی سوور"، نائاگا لە سەر ڕێگا تووشی ماشێنێکی گاز دەبن، کابرای شۆفیر کەوکوژی بە ژ٣ بۆیان دادەنیشێ و هەر لەوێ مشهدی و کوڕەکەی دەکووژێت.

گۆیا تەرمی مشهدی یان لە سەر تەنیشت دانابوو، زۆر کەسی تر خۆیان ڕانابوو و کوردایەتی خۆیان نواندبوو و، سێ چوار فیشەکیان بە تەرمی مشهدی یەوە نابوو.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە کە ئەو هەواڵە بڵاو بۆوە، چاوم لێبوو هێشووی فرمێسک بە چاوەکانی کاکم دا شۆڕ ببۆوە، کات مەیبوو و نە دەجووڵا و ڕاوەستا بوو، ئیتر هیچ شتێک بۆ کوتن نەمابوو.

بۆ شەویش هەر بە تاریکی دانیشتین و لە تاو مشهدی چراغ کەس هۆشی هەڵکردنی چرای نەبوو.

****************

*زمانی ئازەری کۆن: زمانی ئازەربایجان بووە پێش هاتنی خێڵە تورکەکان لە ئاسیای ناوەندەوە. احمد کسروی لێکۆلینەوەیەکی زۆر بە نرخی لە سەر کردووە.

*کەتیرە - کەتیرا : لە شیرەی گوێنی دەگیری و بۆ چارەسەری و دەرمانی زۆر نەخۆشی کەڵکی لێوەردەگیرێت.

*وێنە: لە گووگل وەگیراوە